هێزێکی حەشدی شەعبی بیرە نەوتێکی لە کفری گەمارە دەدات

میدیای فەرمی یەکێتیی لەبارەی هاتنی هێزێکی زێری حەشدی شەعبی بە سنووری گەرمیان لە زاری بەرپرسێکی باڵای حزبەکەیانەوە، "هاتنی حەشدی شەعبی قبوڵ نییە".

میدیای فەرمی یەکێتی لە زاری بەرپرسێکی باڵای حزبەکەیانەوە باویکردووە، هاتنی هێزی حەشدی شەعبی بە سنووری گەرمیان بەبێ ئاگاداری هێزە ئەمنییەکانی ناوچەکە بووە.

ئەو بەرپرسەی یەکێتی بە میدیای حزبەکەی ڕاگەیاندووە، ئەو کارەی حەشدی شەعبی جێگەی قبوڵ نییە، ئاماژەی بەوەشکردووە، بەهیچ شێوەیەک ڕێگا نادرێت ئەو هێزە لەو ناوچەیە بمێنێتە.

ئەوەشی خستووەتەوە، داوامان لە حکومەتی ناوەند کردووە ڕاستەوخۆ پاشکشە بە هێزەکە بکرێت، چونکە ئەو پێشێلکارییە.

شایەنی باسە، لە بەربەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە، هێزێکی زێری حەشدی شەعبی بە دەیان ئۆتۆمبێل و چەکی قورسەوە هاتوونەتە شارەدێی کوجێی سنووری ئیدارەی گەرمیان، بەپێی زانیارییەکان بە دەست بەسەرداگرتنی بیرە نەوتێکی سنوورەکە هاتوون بەناوی گەبا باتـقومرە، کە لەلایەن پۆلیسی نەوت و گازی هەرەمی کوردستانەوە دەپارێزرێت و گەمارەی ئەو بیرە نەوتیان داوە و دوای گەیشتنی هێزەکانی پێشمەرگە بە ئەو ناوچەیە حەشدی شەعبی کشایەوە.